



## سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ

## Slobodan Milosevic

## 2006 – 1941



ئێستاش دەڵێم دوعام قەبووڵ بێت و صدام حوسێنی فاشی و دیکتاتۆر جارێ نەمری و لە سێدارە نەدرێت ، هەتا بە ئازار و ژان زیاتر رۆژگار بەسەر بەرێت و تۆڵەی منداڵ وژن و دایک و خوشک و برا و




کەسوکاری ئەو هەموو مرۆڤە بچێژێت و وورده وورده ژیانی خۆش گوزەرانی و رابواردنی شەوانەی لەبیر دەچێتەوە ...صدام حوسین لە دادگا گووتی: من باغ و دارستانی دوجەیلم بنبڕ کرد...نەخۆشن ، نەخۆشی دەروونی هەر بۆیە صدام حسین تا ئەمڕۆش خۆی بە سەرۆکی عێراق دەناسێنی و داواکارییەکانی لە دادوەر وەکو [فەرمان]ە، لە خەیاڵی خۆی هێشتا ئیمپراتۆڕی یەکەی ماوە و خۆی بەڕێوەی دەبات...بارزانی برای

گوایە زیاتر لە سێ میلیارد دۆلاری دزی یە و لە سویسرا دەژیا کەچی ئێستاکە بە { دەرپێ و فانیلەی زەردهەڵگەڕا}و قوون لە دادوەر دەکات و لەسەر کاشی هۆڵی دادگا دادەنیشێ ، جاران کەس نەیدەتوانی سەیری جلە ئاوریشمەکانی بکات ، ئەی چۆن لە زیندان ئەو هەموو رۆژە هەست ناکات مردووە و تەنها هەناسە دەدات...سەرۆکی یۆگسلاڤیای پێشوو [سلۆبۆدان میلۆڤیچ] خۆی کوشتبێ یا کوژرابێ یان بە نەخۆشی دڵ مردبێ هەر هەموویان لەیەک سەرچاوە هەڵدەقوڵێن و کۆتایی هاتنی دیکتاتۆر و مرۆڤ کوژە...لاپەرەکانی مێژوو، بە مرۆڤ کوژ ناوی تۆمار دەکات و مرۆڤ شەرم دەکات باسی سەرکەوتنەکانی بکات...دەبوایە رازی بێت گەلانی تر مافی چارەنووسی خۆیان بەدەست بهێنن و بەبێ شەڕ یۆگسلاڤیا پارچە پارچە ببێت ... صدام حسێن دەیان داستان و کتاب و فیلیمی دەربارەی نووسرا و ئامادەکرا، هەر هەموویان ناگاتە ئەژنۆی ئەو کتێبە راستەقینەی کاتێ لە ناو ئەو کونە جورجە هێنرایە دەرەوە و هەتا لەناو خزم و کەسانی حۆجەش شوێنی نەکرایەوە و پارێزگاری نەکرا، بە خەیاڵی خۆی لە دڵ و دەروونی هەموو عێراقیەک دەژیا...سەرۆکی یۆگسلاڤیاش بە چەپڵەلێدان ساڵی **1983** بووە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی یۆگسلاڤیا...ساڵی **1987** بووە سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی سەربیا...ساڵی **1990** بووە سەرۆکی سەربیا... ساڵی **2001**یش بە چەپڵەرێزان دەستگیرکرا و درایە دادگای هاگ...دوێنێ پارێزەری میلۆسۆڤیچ کە ناوی ژدینکو تومانۆڤیچ گووتی: سلوبودان میلۆسۆڤیچ یەک رۆژ پێش مردنی نامەی ئاراستەی وەزیری دەرەوەی روسیا کردبوو کە یارمەتی بدات...هاوسەرەکەی ماریا مارکوڤیچ و تاقە کوڕەکەی پێیان خۆشە لە پایەتەختی روسیا لە مۆسکۆ بەخاک بسپێردرێت...هەتا ئەمڕۆ نازانرێت دوا




هەواری لەکوێ دەبێت... سەرۆک وەزیرەکانی رژیمە دیموکراتیەکان کاتێکدەست لە دەسەڵات دەکێشنەوە پلە وپاییەی بەرز و جیهانی وەردەگرن کەچی ئەو دیکتاتۆر و مرۆڤ کوژانە هەردەم پاشەڕۆژیان تاریکە...

فــەهــد گــردەوانـی 2005/3/13 ستۆکهۆڵم